**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٣٩٧٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٠**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری دووەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و دوا بەدوای بەیانمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

**ماددەی (١):**

**هەمواركردنی ماددەی حەوتەم لە بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٤ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :**

(ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە تاکۆتایی هاتنی دەوامی فەرمی لە ڕۆژ (٢٠٢٤/١٢/٣١ ) جێبەجێ دەکرێت و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە کۆدەکانیان تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٩/١٥) ڕاگیرابوو)

**ماددەی (٢):**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**